پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-ئەگەر خواردنی لە پێش دەست لابردایە (پاش تەواو بوون لە خواردن) دەیفەرموو: (الحَمْدُ للهِ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ، غَيْرَ مَكْفِيٍّ، وَلَا مُوَدَّعٍ، وَلَا مُسْتَغْنًى عَنْهُ رَبَّنَا)

لە ئەبی ئومامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-ئەگەر خواردنی لە پێش دەست لابردایە (پاش تەواو بوون لە خواردن) دەیفەرموو: «(الحَمْدُ للهِ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ، غَيْرَ مَكْفِيٍّ، وَلَا مُوَدَّعٍ، وَلَا مُسْتَغْنًى عَنْهُ رَبَّنَا)*». *(واتە: حەمد وسوپاسێکی زۆری پاک وپیرۆز بۆ خودا، لە هەموو حاڵەتێکدا سوپاسی خودا دەکەین ئەو زاتە هەموو بوونەوەرەکان پێویستیان بە ئەوە وئەو پێویستی بە هیچ یەکێک نییە، (وهەموو بوونەوەرەکان ناتوانن دەستهەڵبگرن لە پێویستی وبەخشینەکان، ئەی پەروەردگارمان
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاوەڵانی فێری سونەت دەکرد بە وتەکانی وکردەوەکانی، ولەو زیکرانەی کە خوێندوویەتی لە پاش تەواو بوون لە خواردن ولابردنی خواردنی پێش دەستی؛ ئەم زیکرەیە: (الحَمْدُ للهِ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ، غَيْرَ مَكْفِيٍّ، وَلَا مُوَدَّعٍ، وَلَا مُسْتَغْنًى عَنْهُ رَبَّنَا). واتاکەی: (حەمد وسوپاسێکی زۆری پاک وپیرۆز بۆ خودا): واتا هەموو سوپاس وحەمدێک لە تەنها بۆ خودا، سوپاسێکی زۆر شایستە بێت بە شکۆداری وجوانی وکاملی خودا، وسوپاسێکی زۆر کە بگاتە ئاستی ئەو نیعمەت ومینەت وبەخشینانەی کە خودا بەخشیویەتی کە هەرگیز لە هەژمارکردن نایەت -هەرچەندە ناگاتە ئەو ئاستەش-، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا} [النحل: 18] واتە: {وە ئەگەر (بتانەوێت) نیعمەتە کانی خودا بژمێرن ناتوانن بیانژمێرن بەڕاستی خودا لێبوردە و میهرەبانە}، سوپاسێک دوور بێت لە ڕوپامایی (ڕیا) وبۆ ناوبانگ دەکردن نەبێت، وئەم سوپاسە وەڵامبدرێتەوە وڕەت بکرێتەوە چونکە بەرەکەت وپیرۆزی بە مانای خێر دێت، وهەر کردەوەیەک قبوڵ نەکرێت لە لایەن خوداوە هیچ خێرێکی تێدا نییە. (غیر مَكْفِي ولا مودع: لە هەموو حاڵەتێکدا سوپاسی خودا دەکەین ئەو زاتە هەموو بوونەوەرەکان پێویستیان بە ئەوە وئەو پێویستی بە هیچ یەکێک نییە): هەموو بوونەوەرەکان پێویستیان بە یارمەتی وبەخشین ونیعمەتەکانی خودایە لەکاتێکدا خودا بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان پێویستی بە هیچ یەکێک لە بوونەوەرەکانی نییە. (وَلَا مُسْتَغْنًى عَنْهُ رَبَّنَا: وهەموو بوونەوەرەکان ناتوانن دەستهەڵبگرن لە پێویستی وبەخشینەکان، ئەی پەروەردگارمان): ئەگەر مرۆڤ دەستهەڵگبرێت وبێ پێویست خۆی نیشان بدات لە بەخشین ونیعمەتەکانی خودا ئەوا خۆی بەرەو تیاچوون دەبات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4828